# هێرمینۆیتیک

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١ - گومان لەوەدا نییە کە هێرمینۆیتیک لە سەدەی بیست لە وڵاتانی ئەوروپا (کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمیاییەکان) خەتوخاڵی داوە و چەند هزرمەندێک ڕابەرێتی ئەم ئاراستە فەلسەفەییەیان کردووە، بەڵام لاری لەوەش نییە کە لەگەڵ دەرکەوتنی سێ ئایینە ئیبراهیمییەکە (جوو، عیسایی، ئیسلام) و بڵاوبوونەوەی کتێبە ناوەندییەکەیان کە بە دەستووری ئایینەکەیان دایان ناوە (تەوراتی مووسا و ئینجیلی عیساییەکان و قورئانی موسڵمانان)، دیاردەی شرۆڤە و لێکدانەوەی تێکستە ئایینییەکان سەرئاو کەوتوون. ئەو دیاردەیە لە دوو بەرەدا کۆششی یەکلایی کردنەوەی کراوە:

**یەک:** واتا و دەلالەت و سروشتی تێکستەکان ڕوون بکرێنەوە.

**دوو:** تێگەیشتنیان و پەی پێ بردن و شرۆڤەکردنی دەقەکان.

بۆ نموونە چەندان بەرهەم دەربارەی لێکدانەوەی هەر سێک کتێبە ئایینییەکە چاپ و بڵاوکراونەتەوە. بەزمانی عەرەبی بەدەیان شاکاری شرۆڤەکردنی ئایەتەکانی قورئان بەرچاو دەکەون و سەرنج ڕادەکێشن. دوای هەزار و چوارسەت ساڵ لە دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام، قورئان بەزمانی کوردی شرۆڤە کراوە، دیارترینی ئەو شرۆڤەکردنە (تەفسیری ئاسانە)، کە لەلایەن مامۆستا بورهان محەمەدئەمین چاپ کراوە

و لیژنەیـەک پێیداچووەتــەوە.

- لـە زمانــی عەرەبیــدا کـە زمانــی قورئــان خۆیەتـی، چەنـدان شرۆڤە و لێکدانـەوەی لـە ژمـارە بـەدەر دەبینــرێ، دیارترینیــان هیــی (تەبــەری و تووسی)یە، کە هیچیان خۆیان و زمانیان عەرەبی نەبــووە.

- ئایەتەکانــی نــاو قورئــان و ئــەو چەمـک و وشـانەی تێیــدا هاتــوون، هانــدەری ســەرەکی بابەتــی شــرۆڤەکردن و لێکدانــەوە و (تەئویــل) بــوون. وەک وشــەی (گیــان — ڕۆح) و چەنــدان چەمکــی دیکــە.

ســەرچاوەکان وا بـاس دەکـەن کە کاتـی خۆی لە پەیامبــەری ئیســلامیان پرســیوە، زۆرجــار چەمـک و وشـەی (گیـان) دەبیسـتین و دەخوێنینـەوە! ئەم گیانـە چییـە؟ خەسـڵەتەکانی چۆنـن؟ وەڵامێکـی ئەوتــۆ دەســتگیر نەبــووە کــە خەڵکەکــە تێــی بگـەن و تینوویەتــی زانیــن و پــەی پــێ بردنیــان بشـکێنێ و بۆیـان ڕوون بکرێتـەوە (قل الـروح مـن أمـر ربـي). (قورئــان: الأســراء: ٨٥)، هەروەهــا لـە سـورەتی ئـال عیمرانـدا هاتـووە کـە ئایەتـی (محکمـات ومتشـابهات: قورئـان: ٧) لـە قورئانـدا هەیــە و لەوەڵامــی پرســیاری خەڵکــدا، بەپێــی ســەرچاوەکان، ڕابــەری ئیســلام پێــی وتــوون:

یەکەمیــان پەیــڕەو جێبەجــێ بکــەن و بــاوەڕ و بـڕواش بـە دووەمیـان بهێنـن. ئـەم نموونـە و دەیـان نموونـەی تـر هانـدەر بـوون، شـان بەشـانی هــۆکاری دی، بــۆ لێکدانــەوە و شــرۆڤەکردن و (تەئویــل)ی ســورەتەکانی قورئــان، تەنانــەت ئەوجــۆرە کۆششــە، ئەگەرچــی هــەر بــە زمانــی عەرەبـی بـووە، بووەتـە لقێکـی سـەرەکی فیقهـو شــەریعەت و زانســتی کــەلام و ســەرکەوتنی سەرنجڕاکێشـی بەدەسـت هێنـاوە و تـا ڕادەیـەک بـووە بـە مایـەی ڕوونکردنـەوەی چەنـد لایـەن و بابەتێکـی قورئـان بـۆ خەڵکـی سـادە و سـاکار کـە نەیانتوانیـوە بەپێـی پێویسـت لەنـاوەڕۆک و مەبەســتی ئــەو کتێبــە ئایینییــە تــێ بگــەن، هەروەهــا بووەتــە مایــەی ئــەوەی ڕێگــە لــە لێکدانــەوەی هەڵــەی ســورەت و ئایەتەکانــی قورئــان بگیــرێ. بـۆ پشتڕاسـت کردنـەوەی ئـەو قسـەیە کـە گوایـە هـەر لـە سـەرەتاوە بـە هەڵــە هەندێــک دەقــی ئــەو کتێبــە ئایینییــە شــرۆڤە کــراوە، بــەڵام بــۆ مەبەســتی تایبەتــی، قسـەیەکی خەلیفـەی چـوار، عەلـی ئەبـوو تاڵیــب، دەهێنرێتــەوە کــە گوتوویەتــی:

(القـرآن بیـن دفتـي المصحـف لاینطـق وانمـا یتکلـم بـه الرجـال) (نصـر حامـد أبـو زید: ٢٠٠٧، ل٣٣)، ئایـا دەکـرێ ئـەو جـۆرە ڕەوش و دۆخـەی لێکدانـەوەی تێکسـتە ئایینییـەکان بـەو زەمینەیـە دابنـرێ کـە نەمامــی لێکدانــەوەی جیــاواز و شــرۆڤەکردن و (تەئویلـی) جـۆراو جـۆری لەسـەر شـین بووبـێ و لــە دواییــدا وەک لقێکــی ســەربەخۆی توێژینــەوە لەلایــەن ڕابەرانــی ئاییــن (بەهــەر ســێک بەشــیەوە) خەتوخاڵــی دابــێ و هاتبێتــە بــەر؟

ئەوەتـا خەلیفـەی چـوارەم هـاواری لـێ هەسـتاوە و بـە ڕوون و ئاشـکرایی دەڵـێ: قورئـان وا ناڵـێ، بەڵکـوو ئێـوە بـەو جـۆرەی دەتانـەوێ و دەخـوازن بـۆ مەبەسـتی تایبەتـی بـەکاری بهێنـن، لێکـی دەدەنـەوە و (تەفسـیری) دەکـەن!

٢- ئەگەرچـی بابەتـی لێکدانـەوە و شـرۆڤەکردن (تەفسـیر و شـەرح) کـە دواتـر پرۆسـە و چەمکـی هێرمینۆیتیکــی لــێ کەوتووەتــەوە، بەتایبەتــی لەلایـەن هزرمەنـد و توێـژەری ئەڵمـان شـلایەر ماخـەر (١٧٦٨ — ١٨٣٤ز)، بەتایبەتـی لـەو بەرهەمانـەی دەربــارەی ئاییــن بــڵاوی کردوونەتــەوە و تێیانــدا بەگشـتی کۆشـاوە سـاغی بکاتـەوە کـە دەکـرێ ئاییــن دەســتبەرداری ژیــر و لۆجیــک ببــێ، چونکــە

باوەڕ و بڕوا (عەقیدە و ئیمان) ڕوو لە هەست و سۆزی ناخی دەروون دەکەن، ئەوجا ئایین بەبێ ڕەب و بەبێ مرۆڤ و ئەو کەسانەی باوەڕی پێ دەهێنن و بەبێ کارایی بوونەکەی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا نەبوونی دەبێ و نەکارا، ئەوجا هزری مرۆڤ بە گشتی و هی هزرمەند بە تایبەتی، ناکرێ لە ژیانی ئایینی دابڕێنرێ، چونکە ئایین لە خۆیدا بە هیچ جۆرێک، لەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ، لە ڕۆڵی ژینگە و کولتوور و شارستانی و ئایدیۆلۆجی و سیاسەتدا، ئەگەر گەورەتر نەبێ کەمتر نییە! ئیتر ئەو بۆچوونەی ئەو توێژەرە بووەتە مایەی ئەوەی ئەو ئەنجامەی لێ بکەوێتەوە کە ئایین بریتییە لە نەزمێکی هزری و باوەڕ و ئاکار لە چوارچێوەی ئەو تێکستانەی داویەتە دەست و ئەو ڕێنمایی و ڕێسایانەی پێیان لەسەر دادەگرێ، لێرەوە بۆ سوود وەرگرتن لە گەوهەری ئایین، کێشە و چالاکیی شرۆڤە و لێکدانەوە (تەئویل) سەر ئاو دەکەون. ئەم چالاکییە پرۆسە ئامێزە لە چوارچێوەی لاهووتی مەسیحیدا کە ئەو هزرمەندە ڕابەرێکی بووە، لە گەوهەر و ماهیەتی تێکستە ئایینییەکانەوە بەرەو تێگەیشتنی ڕاستودروستیان هەنگاوی هەڵگرتووە. (ف. شلایر ماخر: ٢٠١٧ ل٦٨).

ئەم بۆچوونە تێگەیشتنی گەوهەری ئایین و ناوەندێتییەکەی لە چالاکی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی فەلسەفیانە بەدوور دەگرێ و دەیخاتە نێو پاوانی بایەخی بۆهاتن (دڵ خەبەردان- سۆسەکردن- حدس) و هەست و سۆز، باوەڕ و بڕوا. ئایا ئەو بڕیارەی شلایەر ماخەر بنەماکانی ئایین و باوەڕهێنان لە هەردوو کایەی بنەماکانی ئاکار و میتافیزیک بە دوور ناگرێ؟

- لە پرسی هێرمینۆیتیکدا بێجگە لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن، تێگەیشتنی واتای تێکستەکە و پەیبردن بە گەوهەر و پوختە و ناوەڕۆکەکەی هەردوو هاوکێشەی خود و بابەتییانە، پێوەندی دەستیاوی خودی شرۆڤەکار و هەڵوێستی بابەتییانەی لێکدانەوەکە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. (عبدالکریم شرفي: ٢٠٠٧، ل١٣).

- سەرگوزشتەی (ئەل غەرانیق) لە سورەتی ئەل نەجم، ئایەتی ١٩ و ٢٠ (افرایتم اللات والعزى ومناة الثالثة الأخرى) لە قورئاندا، ئەوجا ئەو تەفسیرەی زەمەخشەری کردوویەتی بە جوانترین شێوە ئەم لایەنەی لێکدانەوە و (تەئویل – هێرمینۆیتیک) بەرجەستە دەکات. ئەو بابەتە کێشە لەسەرە و هەویرەکەی نەک هەر ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ، بەڵکوو دەبێتە مایەی ئەوەی تۆمەتی ناڕەوا بخرێتە پارسەنگی نووسەر و توێژەر! چونکە ئەم دیاردە ڕەوشە ئەگەر ئەو دەستەواژەیەی بخرێتە سەر (تلك الغرانيق العلى وان شفاعتهن لترتجى) بێجگە لەلایەنە ئایینییە لاهووتییەکەی، لێکدانەوە (تەئویلی) مێژوویی و سیاسی و ئایدیۆلۆجی و نەتەوەیی (دابونەریتی جاهیلی و خێڵی قوڕەیش) هەڵدەگرێ! ئەوجا ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنگرانی ئایین و دوژمنانی ئایینەکە لە سوور بوون لەسەر پابەندبوون بە دابونەریتی خێڵەکی - جاهیلی بەرجەستەکردووە.

٣ - لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی تێکستە ئایینییەکان تەنیا لە چوارچێوەی لاهووتی ئایین چوستوچالاک بووە و ئەگەر ویستبێتی ئەو سنووره ببەزێنێ، یان دووچاری چەرمەسەری و هەڕەشەوگوڕەشە بووەتەوە، یان کاریگەرییەکەی لە بازنەیەکی تەنگەبەردا گیری خواردووە و تاکە گوڵێکی نەخستووەتە سەر خەرمانی کولتوور و چاککردنی کێشەکانی ژیان و کۆمەڵگە.

بابەتـی داهێنـان (خەڵـق)ی قورئـان لەنێـو ڕێبـازی کـەلام (موعتەزیلـە) کـە ئاراسـتەیەکی مۆدێرنـی پێشکەوتنخوازی هەبـووە (بەواتـای ئـەو سـەردەمە) لەگـەڵ کێشـە خەسـڵەتەکان (صفـات اللـە)، ئایـا ئەمانـە خەسـڵەتی خـودان (ذات) ن، یـان هـی کـردارن (فعـل)؟ بـەم چالاکییەیـان ویسـتوویانە سروشـتی ئەبسـتراکت (پەتـی) و ترانسـندێنتی ئاسـمانی ئایینەکـە کاڵ بکەنـەوە و پتـر گەوهـەر و خەسـڵەتی کۆمەڵایەتـی هەبێـت و ڕەگوڕیشـە، پشـت ئەسـتوور بـە ژیـر و لۆجیک، لەنـاو کۆمەڵگـە و لەناخـی دەروونـی مرۆڤـدا دابکوتـێ، بـەڵام بەفیتـی (احمـد بـن حنبـل) دووچـاری ڕەشـەکوژی و قرکـردن بوونـەوە و بـەو مەرەیـە چـوون کـە ناحەزانیشـیان ئیرەیـی (حەسـوودیان) پـێ نەبـەن.

- دوور نییـە لێـرەدا ڕەخنەیـەک سـەر ئـاو بکـەوێ و لـە دوو خاڵـدا خەسـتوخۆڵ و چـڕ ببێتـەوە:

**یـەک:** ڕاسـتە شـرۆڤە و لێکدانـەوە سـنووری بازنـەی تێکسـتە ئایینییەکانـی نەبەزانـدووە و خەسـڵەتی لاهووتیـان هەیـە، بـەڵام ئەوەنـدەی لـە توانسـتدا بووبـێ، شـرۆڤەکاران سـورەت و ئایەتەکانیـان لـە چوارچێوە و زەمینـە و کایەکـەی خۆیـان ڕیشـەکێش کـردوون و واتـا و دەلالەتێکیـان پـێ بەخشـیون کـە لـە ناخـی دەروون و مێشـکی شـرۆڤەکاراندا هەبـوون و دوورن لـە دەقەکانـەوە و ئـەو مەبەسـتەی دەریـان بریـون.

**دوو:** تێکسـتە ئایینییـەکان بەجۆرێـک شـرۆڤە (تەئویـل کـراون) کـە خزمەتـی سـوود و قازانجـی کێشـە و بـەرەو ناکۆکییەکانـی بـاوەڕ و بـڕوا (عەقیدەیـی) گرووپ و تیپە جیاوازە ئایینییـەکان بـکات و دوور لـە گیانـی بابەتـی زانستییانە بـووە! بـەڵام ئـەو پرسـیارەی کـە کۆششـی کاڵکردنـەوەی ئـەو ڕەخنەیـە دەکات: ئایـا دەکـرێ نیـاز و مـراز و خواسـتی (شـرۆڤەکار سـڕ بکرێـن و بابەتیانـە بەبـێ ڕۆڵـی ئـەو خـودە شـرۆڤەکارە بابەتەکـە لێـک بدرێتـەوە)، ئەگـەر ئەمـە ڕاستییەک بێـت لـە چوارچێوەی شـرۆڤەی لاهووتـی ئایینـی دەقەکانـدا، ئایا لـە فەلسـەفەدا، بەتایبەتـی لـەو ئاراسـتەیەدا کـە بـە هێرمینۆیتیـک ناسـراوە، ئـەو جـۆرە بـێ لایەنییـە، بابەتییانـە بـەدی دەکـرێ، یـان نـا؟ ئـەو پرسـیارە پوختـەی نـاوەرۆک و مەبەسـت و نیـاز و ئاراسـتەی هێرمینۆیتیـک دیـار و دەستنیشـان دەکات! هێرمینۆیتیـک پرۆسـەیەکی ئامانجەکییـە، مەبەسـت و ڕازونیـازی شـرۆڤەکار بەرجەسـتە دەکات، ئیتـر بەجۆرێـک دەقەکـە شـرۆڤە بـکات و داتـا و دەلالەتێکیـان لـێ بخاتـەوە کـە مەبەسـتی شـرۆڤەکارە، مـەرج نییـە لـە دەقەکـەدا هەبووبـێ و مەبەسـت بووبـێ! لـە لێکدانەوەکـەدا هـەوڵ دەدرێ ئـەو واتـا و دەلالەتـە لـە دەقەکـەدا دیار و دەستنیشـان بکرێـن کـە لەمێشـک و دڵـی شـرۆڤەکاردایە و پێشـیانە گریمانەیەکـی کـردووە و کۆشـش دەکات ئـەو گریمانەیـە جێگیـر و پشتڕاسـت بکاتـەوە.

٤- وشـەی لاتینـی هێرمینۆیتیـک، کـە مـن هیـچ وشـەیەکی بەرانبـەری، کـە پـڕ بـە پێسـتی بێـت، لەزمانـی کوردیـدا شـک نابـەم، لـە عەرەبیـدا هـەردوو وشـەی (تەئویـل و تەفسـیری) بـۆ بەکاردەهێنـرێ، تـا ئێسـتا کۆدەنگـی لەسـەر ئـەوە نییـە کـەی و چ کەسـێک بـۆ یەکـەم جـار ئـەو چەمکـەی بەکارهێنـاوە، بـەڵام ڕێتێچوونێـک پەسـەندکراوە کـە لەسـەرەتادا ئـەو چالاکییـە بـۆ لێکدانـەوەی لایەنـە نادیـار و تەمومژاوییەکانـی تێکسـتە ئایینییـەکان پەنـای براوەتەبـەر بـۆ ئـەوەی خەڵکـی سادە تێیـان بگـەن، هەرچۆنێـک بێـت، ئـەم چەمکـە پێوەنـدی بـە تێگەیشـتن و

لێکدانــەوە و تاووتــوو و شــرۆڤەکردنەوە هەیــە، ئیتــر ئــەو شــرۆڤەکردنەوەیە ســەرگەرمی دۆزینــەوەی واتــای ڕاســتەوخۆی وشــە و دەقەکــە بێت، یان ئـەو واتایـەی دەکرێ بەجۆرێکی دیکە ڕوون بکرێتــەوە و لێـک بدرێتــەوە.

لــە ئەوروپــادا شــلایەرماخەری لاهووتــی و فەیلەســووف و ڤیلهێلــم دیلتێــی (١٨٣٣ - ١٩١١ز) هەردووکیشــیان بــە ڕەچەڵــەک ئەڵمانــن، بەڕابــەری ڕێبــازی هێرمینۆیتیــک دادەنرێــن، بــەڵام هــەر یەکــە لــە ســۆنگە و بۆچــوون و مەبەســت و ئامانجــی جیــاوازەوە، دیلتێــی پتــر لــە فەلســەفەی ژیــان و ڕێبــازی مێژوویــی، چــالاک و دەســتەبەرکاربووە، بــەڵام شــلایەر ماخــەر دەخرێتــە خانــەی لاهووتییەکانــی ئەڵمــان، ئــەو لاهوتییــە کــە بەدەســتی خــۆی ئــەو بابەتــەی کــردووە بــە زانســتێکی ســەربەخۆ (بەواتــا گشــتییەکەی) بەشــێوازێکی ژیرییانــە تێکســتەکانی تــەورات و ئینجیلــی شــرۆڤە کــردووە و لــەو بــاوەڕەدا بــووە کــە ئــەو کارەی ئاســانکاری دەکات بــۆ تێگەیشــتنی هــەردوو کتێبــە ئایینییەکــە. ئــەو بابەتــەی لەگــەڵ پرۆســەی تێگەیشــتن بەرانبــەر بــە یەکتــری خســتوونیەتە نێــو تــای یــەک تــەرازوو. لــە ناوەڕاســتی ســەدەی نــۆزدە ئــەو بابەتــە پتــر گەشــەی کــردووە، ســەرەڕای ڕەهەنــدە لاهووتییەکــەی وەک هونــەری شــرۆڤە و تاووتووکــردن، لــە فەلســەفەدا بەمیتــۆدەی پرۆســەی زانیــن دانــراوە. ڤۆڵڤەنــگ ڕوود: ٢٠٠٩ ل٣٨٥ بــە ئەڵمانــی)

بگــرە ئــەو پاوانــەی پتــر فــراوان کــراوە تــا ئــەو ڕادەیــەی تێگەیشــتن و شــرۆڤەکردنی تێکســتەکانی هونــەر و قانــوون و ئاییــن و لاهووتیشــی گرتووەتەوە، ئەمــەش وەنەبــێ شــتێکی پەنهانــی و چــاوەڕوان نەکراوبــێ، هیــچ بابەتێــک نییــە کــە کێشــە و گرێوگۆڵــی نەبــێ، لێرەوە ئەو شرۆڤە کردنە، بێجگە لــە ڕوونکردنــەوەی گرێوگۆڵــەکان و شــرۆڤەکردنی کێشــەکان، هــەوڵ دەدات ڕازونیــاز و مەبەســتی ئــەو نووســەر و فەیلەســووف و هونەرمەنــد و (دەقــە ئایینییــەکان) کــە لەبەرهەمەکانــدا هاتــوون، یــان بــە پەنهانــی و نیمچــە شــاراوەیی ماونەتــەوە (عــەرەب وتەنــی واتــا لــە ناخــی دەروونــی شــایەردایە) پــەردە لەســەریان لادەدات، یــان هەرنەبــێ بەجۆرێــک لێکیــان دەداتــەوە کــە لــە ســنووری تێگەیشــتن نزیــک ببنــەوە و خوێنــەر و توێــژەر و ڕەخنەگــر و هەڵســەنگێنەر پێیــان ئاشــنابن و سروشــتی نامۆییــان تۆزێــک کاڵ ببێتــەوە.

٥ - ڤیلهێلــم دیلتێیــی دوای شــلایەر ماخــەر بەڕابــەری ڕێبــازی هێرمینۆیتیــک دادەنــرێ، لــە کــۆی بەرهەمــە بڵاوکراوەکانیــدا کــە پتــر لــە دوازدە بەرگــن، ڕەنگــی جیهاندیدێکــی ســەرتاپاگیری ڕشــتووە و دەکــرێ لــە ســێ خاڵــدا چــڕ و خەســتوخۆڵ بکرێتــەوە:

**یــەک:** جیاکردنــەوەی میتۆدۆلۆجیانــەی زانســتی سروشــتی (فیزیکی)یەکان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان.

**دوو:** پێوەنــدی نێــوان زانســتە مرۆڤییــەکان و جیهانــی مێژوویــی. (ڤ. دیلتێــی: ١٩٧٠ ل١٠ بــە ئەڵمانــی).

خاڵــی دووەمــی ئــەو جیهاندیدە ڕەنگینــە، بابەتــی ئــەم نووســینەیە کــە ئــەم ســێ چەمکــەی بابەتــە گرینگەکــە دەگرێتــەوە.

**یەک:** هێرمینۆیتیک.

**دوو:** ئەزموونی زیندوو (ئێرلێبن).

**سێ:** تێگەیشتن.

دیلتێیــی ئەوەنــدەی بابەتەکــە پێوەنــدی بــە هێرمینۆیتیکــەوە هەیــە، فەلســەفە (جیهاندیدەکــەی) بــە فەلســەفەی ترانســندینتال هێرمینۆیتیــک نــاو دەبــات و گشــت فۆرمەکانــی هۆشــیاری و زانیــن و

تێگەیشــتن و زانســت دەگرێتــە خــۆی.

- لەکاتــی شــرۆڤەکردنی تێکســتێکدا دەبــێ بەوپــەڕی ســڵ و پارێزوردییــەوە دەقەکــە شــی بکرێتــەوە و پێکهاتــە ڕێزمانییەکــەی زمانەکەشــی بــە هەنــد وەربگیــرێ بــۆ ئــەوەی ئەنجامێکــی نامــۆی بــێ بنەمــا دەســتگیر نەبــێ، ئەوجــا هــەر وشــەیەک لــەو تێکســتە سیمبۆلیکە ئامــاژە بــە بابەتێــک دەدات نابــێ لــە گەڵیــدا تێکــەڵ بکرێــت و ســەربەخۆیی هەریەکەیــان لەبەرچــاو بێــت. ئەگــەر هاتــو وشــەیەک لــە تێکســتەکەدا ڕوون نەبــوو، یــان پتــر لــە واتایەکــی بەخشــی، ئــەوکات کایــە و ئــەو جێگــەی وشــەکەی تێــدا بەکارهاتــووە، لەگــەڵ لەبەرچاوگرتنــی لایەنــی ڕێزمانییەکــەی ڕۆنانــی دەســتەواژەکە بــۆ ڕوونکردنــەوە و شــرۆڤەکردنەکە پشــتیان پــێ دەبەســترێ.

- ئەنجامێکــی ســەرنجڕاکێش کــە لەچالاکــی پرۆســەی هێرمینۆیتیکــەوە کەوتووەتــەوە، گومــان کــردن بــووە لــە ڕاســتیودروســتی ناوەڕۆکــی چــوار ئینجیلەکــەی عیســاییەکان، بەمــەش هێرمینۆیتیکــی بــاوەڕ و بــڕوا (عەقیــدە و ئیمــان) بــووە بــە هێرمینۆیتیکــی ئەگــەر و گومــان لــە بنەماکانــی دەقــە ئایینییەکانــی تــەورات و ئینجیــل و ئــەو ڕووداوانــەی بــە سروشــت بەزێنــی ژێــر (موعجیــزە) ناوبــراون. لێــرەوە ئــەو چالاکییــە لــە دەڤــەری شــرۆڤەکردنی تێکســتە ئایینــی و مرۆییــەکان دوورکەوتووەتــەوە و چووەتــە نێــو پــاوان و گۆڕەپانــی فەلســەفەوە و پشــتی کردووەتە جیهانی لاهــووت و وردەکارییەکانی.

- لــە بەرهەمەکانــی ئــەو فەیلەســووفەدا جــۆرە بارگۆڕینێــک ســەرنج ڕادەکێشــێ: پشــت کردنــە پرســیارکردن و وردبوونــەوە لــە بابەتــە بنەڕەتییەکانــی فەلســەفە و ڕووکردنــە توێژینــەوەی پرۆســەی تێگەیشــتن بەرانبــەر بــە شــرۆڤەکردن لــە چوارچێــوەی چالاکــی پرۆســەی هێرمینۆیتیکــدا.

بنەمــای ئــەو تێگەیشــتنەش لــە ئەزموونــی زینــدوودا بەرجەســتە دەبــێ کــە ئــەو بــە ئەڵمانــی بــە (ئێرلێبــن) نــاوی بــردووە، پاساوەکەشــی ئەوەیــە کــە مــرۆڤ لــە بابەتــی دیــاردە مرۆڤییەکانــدا پتــر تــێ دەگات لــەوەی کــە لێیانــەوە دەیزانــێ: (د. محمــود سـيد احمـد: ٢٠٠٨ ل٢٨). ئــەو بۆچوونــە هاوکێشــەی ســێ گۆشــەیی: شــرۆڤەکردن، تێگەیشــتن، ئەوجــا زانیــن دووپــات دەکاتــەوە، هــەر ئەوەبــووە مەبەســتی ئــەو فەیلەســووفە لەکایــەی (دیــاردە کۆمەڵایەتییەکانــدا) کــە گوتوویەتــی لــەو پرۆســەی هێرمینۆیتیکدا (مــن لــە تــۆدا جارێکــی تــر دەدۆزرێتــەوە) کــە دواتــر لای هایدیگەر و سارتر لە فەلسەفەی ئیگزیستینتیالیزیمدا ڕۆڵــی بەرچــاوی گێــڕاوە. بــۆ نموونــە ئەگــەر مــرۆڤ ســەرنجی تابلۆیەکــی هونەرمەندێــک بــدات، دەتوانیــن بەهۆیــەوە هونەرمەندەکــە بناســین و تێــی بگەیــن، چونکــە لــەو کارە هونەرییــەدا ئــەو بیروبۆچــوون و هەســت و ســۆزانەی دەردەبــڕێ کــە بەشــێوازەکەی هەندێکــی لــە ناخــی دەروونــی ئێمــە خۆمانــدا هەیــە (هەمــان ســەرچاوە. ل٢٩).

- بــەو پێیــەی پرۆســەی تێگەیشــتن چالاکییەکــە بــۆ ســەرلەنوێ بنیادنانــەوە و ڕۆنانــەوەی چالاکیــی هونەرمەنــد، یــان نووســەر کــە داهێنەرانــە ئــەو کارەی کــردووە، هــەر لێرەوە خوێندنــەوەی تێکســتەکە، یــان هەڵســەنگاندنی کارە هونەرییەکــە تەنیــا هــەر دیتــن و خوێندنــەوە نییــە، بەڵکوو جــۆرە داهێنانی بۆچوون و وێناکردنێکــە لەچالاکــی نووســەر و هونەرمەندەکــە کەمتــر نییــە ئەگــەر شــان لەشــانی نــەدات. بــەلای ئــەو فەیلەســووفە لاهووتییــەوە ئــەو میتــۆدەی کــە دەکــرێ بەهۆیــەوە لــە دەقەکــە بگەیشــترێ و چێــژ لــە کارە هونەرییەکــە وەربگیــرێ لــە ئەزموونــی زینــدووی ژیــان بــەولاوە نییــە. ســەرەڕای ئــەوەی ئــەو پرۆســەیە لــە خۆیــدا جــۆرە وردبوونەوەیەکــی کارا و چالاکــە لــەو تاقیکردنــەوە زینــدووە داهێنەرانــەی

یەخــەی نووســەر و هونەرمەندەکــەی گرتــووە و بووەتــە مایــەی ئــەو داهێنانــە سەرنجڕاکێشــە.

لـەو ڕوانگەیـەوە دێلتێـی گرێکوێرەی ژیـان و ئەو هـۆکارە هانـدەرە بـووە کـە کولتـوور و شارسـتانی داهێنــاوە. ئــەم داهێنانــەش لــە ســێ بابەتــی بنیـادی گیانـی مرۆڤایەتیـدا: پــەی پــێ بــردن، هەســت و ســۆز، خواســتدا بەرجەســتە بــووە و لــە ئاییــن و هونــەر و فەلســەفەدا دەرکەوتــووە و پیادەکـراوە، بەهەموویانـەوە لـە شـارەزایی و (خیبـرە)دا چــڕ بوونەتــەوە.

٦- لە بەرانبەر میتۆدەی زانستە سروشـتییەکاندا دێلتێـی چەمکـی تێگەیشــتن (پــەی پــێ بــردن، زانیــن)، کــردووە بــە پشــکی ســەرەکی میتــۆدەی زانسـتە مرۆڤییـەکان. ئـەو جۆرە زانسـتانە بەشـێکن لـە فەلسـەفەی ژیـان کـە ئـەو فەیلەسـووفە، شـان بـە شـانی فەلسـەفەی مێـژوو تێیانـدا چـالاک و دەسـتبەکاربووە و لـە گۆڕەپانەکەیانـدا ئەسـپی خامـە ڕەنگینەکـەی تـاو داوە.

- بــەلای (دێلتێی)یــەوە، بــە پێچەوانــەی لایەنگرانــی ڕێبــازی ڕۆمانتیکیـەوە، دیاردەکانـی سروشــت و مێــژوو، ئەگەرچــی دەکــرێ بــە کلیلــی کردنـەوەی گرێکوێـرەی سـیمبۆلەکان دابنرێـن، بـەڵام هیــچ کاتێــک، بەتەواوەتــی تێگەیشــتنی سروشــت و مێــژوو نابێتــە مایــەی ئــەوەی ببــن بــە بەڵگــەی بوونــی بوونەوەرێکــی ڕەهــا، ئیتــر بۆیــە گرنــگ ئەوەنییـە کێشـەکان ڕوون بکرێنـەوە، بەڵکـوو تێیـان بگەیشــترێ! ئایــا دەکــرێ، بەپێــی ئــەو بۆچوونــە، بگوتــرێ ئەمــە دوورکەوتنەوەیــە لــە تیــۆری زانیــن و چوونــە نــاو جیهانــی تەمومــژاوی و ئاڵــۆز و تەنگەبــەری دەروون و دەروونزانــی؟ ئــەوەی ئــەم جــۆرە گومانــە پشتڕاســت دەکاتــەوە ئەوەیــە کــە بــەلای ئــەو فەیلەسـووفەوە (تێگەیشــتن) لەناخــی هۆشــیاری ئــەو کەســەوە تێــی دەگات پەیــدا دەبــێ.

(ف. روود: ٢٠٠٩ ل٣٨٨ بــە ئەڵمانــی)، ئەوجــا لەگــەڵ ئەزموونــی زینــدووی ژیــان دێتــەوە و دەگونجــێ.

- دێلتێــی پرۆســەی بیرکردنــەوەی ســەردەمی خــۆی (ســەدەی نــۆزدە)ی بەرجەســتە کــردووە و پرپشــکی ئاراســتەی ناژیرەکــی تێگەیشــتنی ڕەهەندەکانــی ژیــان و ڕەوتــی ڕێبــازی مێژوویــی (جیهاندیــدی مێژوویــی) بەرکەوتــووە و لەگەڵیانــدا لــە بەرهەمەکانیــدا لەگەڵیــان هاتووەتــەوە، بگــرە لــەلای خۆیــەوە ڕەوتەکــەی ئاراســتەکردووە، ئەگەرچــی دەڤــەری چالاکــی (تێگەیشــتن)ی لــە پرۆســەی مێــژوودا دیــوە، ئــەو مێژووەی چارەنووســی مـرۆڤ دیـار و دەستنیشـان دەکات! ڕێبـازی مێژوویی (هیســتۆریزم) کــە کۆششــی جێگیرکردنــی کــردووە، بــە تایبەتــی لــە پاوانــی زانســتە مرۆڤییەکانــدا، ئەنجامێکــی لێکەوتووەتــەوە کــە بووەتــە مایــەی مشـتومڕ لەسـەر کـردن: ڕێبـازی ڕێژەیـی لـە کولتـوور و هەڵســەنگاندن و بڕیــاردان و تێگەیشــتندا. هەمــوو شــتێک پابەنـدی پرۆسـەی مێژووییــە و لــە گۆڕانــی نەپســاوەدایە، هیــچ شــتێک لەســەر دۆخــی خــۆی نامێنــێ و دەســتی گــۆڕان دەیگاتــێ، بگــرە هەتــا ســەر وەک خــۆی نامێنێتــەوە. ئــەو بۆچوونــە پوختــەی ئــەو جیهاندیدەیــە کــە ئــەو فەیلەسووفە، بــە فەلســەفەی ژیــان نــاوی بــردووە. تانوپــۆی ئــەو فەلســەفەیەش ســێ ڕەهەنــدی هەبــووە:

یــەک: دەروونزانــی (بەتایبەتــی چەمکــی تێگەیشــتن و هۆشــیاری) مەبەســتە.

دوو: مێژوویی کە گشت شتێک ڕێژەییە.

ســێ: ڕەخنەکردنــی ژیــری مێژوویــی، ئــەم خاڵــە جــێ دەســتی فەلســەفەی ترانســندێنتالی (کانــت)، بــە تایبەتــی ڕەخنەکردنــی ژیــری بێگــەرد لــە فەلســەفەی (دێلتێــی)دا دیــاری دەکات. گومــان لــەوەدا نییــە هۆشــیاری و تێگەیشــتن دوو

چەمکی دەستبەرداری دەروونزانی نابن، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی لەچوارچێوەی فەلسەفە بە گشتی و لەتیۆری زانیندا بەتایبەتی دەگێڕن. لەلایەکی دیکەوە فەلسەفە هەر لە سەردەمی یۆنانەوە تا ئەم سەردەمە، ڕەهەندێکی مێژوویی هەبووە و هەیەتی، چونکە بەپێی قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوویی کولتووری مرۆڤایەتی لەو گۆڕان و پەرەسەندنە بەدوور نەبووە و ڕێژەییەکەش لە چوارچێوە گشتییەکەدا بە شێوازێک لە شێوازەکان بەفەلسەفە دیارە، بۆیە ڕەخنەکردنی ژێری مێژوویی لەخۆیدا وەک میتۆد و مەبەست، نەک وەک ئامانج لە خۆیدا جێگەی پەسەندکردنە، ئەوەی لە جیهاندیدی ئەو فەیلەسووفە لاهووتییەدا پەسەند و ڕەوایە، ژیانی کردووە بەسەرچاوەی فەلسەفە و پەنای بۆ ئەزموونی زیندووی ژیان بردووە کە (بەئەڵمانی ئێرلێبنی پێ دەگوترێ) و بەهیچ جۆرێک گومانی لە بوونی ڕاستەقینەی جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر نەکردووە، چونکە ژیان و ئەو ئەزموونە گشت ئەو زنجیرە هەمەجۆرە ئاڵقە بەیەکەوە بەستراوەیان تێدایە کە ڕوخسار و فۆرم و بنەماکان و چەمکەکانی بیرکردنەوە دەگرنە خۆیان، هەر ئەم جۆرە زنجیرەی چالاکیی ژیان و تاقیکردنەوە دەری دەخەن کە هەڵکەوتی لە ئارادابوو بەبێ سێ و دوو لێکردن، دەتوانرێ بزانرێ و پەی پێ ببرێ!

بەو پێیە گشت چەمکە گرنگە بەکارهاتووەکان لە هەڵکەوتی لە ئارادابووی بابەتیانەی ڕاستەقینەوە دەکەونەوە و کێشەکانی زانینەکەش لە خۆیدا هەر لەو هەڵکەوتەوە یەکلایی دەبێتەوە و سمبۆلەکان و گرێیەکانیان دەکرێتەوە. (لوکاش: ٢٠١٩، ل٣٢٤)، بەڵام جیاکردنەوەی بوونی سەربەخۆ و بابەتیانەی هەڵکەوتی لە ئارادابوو و دابڕانی لە هۆشیاریی خودی مرۆڤ، وەک ئەوەیە کە گریمانەی بوونی ژێر بکرێ کە نەخواستی هەیە و نە هەست و سۆز! ژیان لە خۆیدا لەگەڵ ئەزموونی زیندوو هەڵکەوتن.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێ، ئەو پێوەندییەی نێوان بوونی جیهانی دەوروبەر و هۆش چۆن لێک دەدرێتەوە؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ ئەو هەڵکەوتە کە بریتییە لە نەزمێکی چەندان دیاردەی بابەتیانە و پابەندی چەند قانوونێکن وەک خۆی پەی پێ بەری و بیزانێ، یان هەر سمیبۆل و هێما و ئاماژەکانی دەزانێ؟ بەشێوازێکی تر ئایا مرۆڤی دیلتیی کە هۆشیارە و خاوەن ئەزموونی زیندووی ژیانە، لە توانستیدا هەیە جیهانی دەوروبەر بزانێ و پەی پێ بەرێ، یان تەنیا هەر وێنا و بۆچوونی خۆی لەبارەیەوە دەزانێ؟ خۆ ئەگەر جیهانی دەوروبەر بۆ مرۆڤی هزرمەند بابەتێکی نامۆبێ و بە (نامن) ناوببرێ، ئەوە هزر و وێناکردن و بیروبۆچوونەکان نزیکترین شتن لە مرۆڤەوە و لە خودی خۆی جیا ناکرێنەوە، بۆیە دەگوترێ مرۆڤ تەنیا بۆچوونەکانی خۆی کە لە وێناکردنی دەوروبەرەوە کەوتوونەتەوە، دەزانێ و شارەزایانە ئەو ڕەخنە و گازندەیەی لەو بڕیارە دەکرێ ئەوەیە:

هەڵکەوتی دەوروبەر جێگیرە و بیروبۆچوونی مرۆڤ هەمیشە دەگۆڕێن و جێگر نین، ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە و چۆن پاساو هەڵدەگرێ؟ وەڵامی دیلتیی لەو قسەیەیدا دەردەکەوێ کە گوتوویەتی مرۆڤ خۆی لەو ڕۆژەوە بووە بە مرۆڤ لە چوارچێوە گشتییەکەدا هیچ نەگۆڕاوە و گۆڕان بەسەر ڕوخسار و ئەندام و پێکهاتە لەشیەکەیدا نەهاتووە، ئەوی دەگۆڕێ لە مرۆڤدا بیروبۆچوون و هەست و سۆز و بڕیارەکانی خواستن، ئەمەش سروشتی مێژوویی کۆمەڵایەتی مرۆڤ ساغ و

پشتڕاست دەکاتـەوە.
٧- ئەگـەر لـە سـەرەتاوە هێرمینۆیتیک دوو ڕەهەنـد (بنەمـا)ی هەبووبـێ:
یـەک: هێرمینۆیتیکـی زمـان (ڕێزمانـی)، بابەتەکـە پێوەنـدی بەزمانەکەیـەوە هەیـە کـە پێـی نووسـراوە و چۆنـە، شـرۆڤەی دەکات.
دوو: هێرمینۆیتیکـی تێگەیشـتن، لـەو چالاکییـەدا بایـەخ بـە پێوەنـدی نووسـەر (هزرمەنـد) بـە نووسـینەکەی دەدرێ و خـودی نووسـەر بـە هەنـد دادەنـرێ، ئەمـەش پێشـیانە هەماهەنگـی و پێکـەوە هاتنـەوەی خـودی داهێنـەر و تێکسـتەکەی گریمانـە دەکات بـۆ دەسـتەبەربوونی تێگەیشـتنەکەی. دیلتێی بنەمـای یەکەمـی پشـتگوێ خسـتووە و پێـی لەسـەر خاڵـی دووەم داگرتـووە. ئـەم هەڵوێسـتە ئـەوەی لـێ دەکەوێتـەوە کـە بپرسـرێ: ئایا دەکـرێ مەبەسـتی نووسـەر — داهێنـەر لـەو دەلالەتـە جیـا بکرێتـەوە کـە بەرهەمەکـە ئامـاژەی پێـداوە، یـان خواسـتوویەتی ئامـاژەی پـێ بـدات؟! ئایـا دەکـرێ تاقیکردنـەوەی تایبەتـی داهێنـەری تێکسـتەکە بەبابەتـی بکـرێ و ببـێ بـە بابەتـی توێژینـەوە؟ لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەدا پـردی پێوەنـدی دەسـتیاوی لەنێـوان فەلسـەفە (هێرمینۆیتیـک) و دەروونزانـی (سـایکۆلۆجی) هەڵدەبەسـترێ! ئەمـەش ئەنجامێکـە لـە جیهاندیدی هێرمینۆیتیکـی ئـەو فەیلەسـووفە خۆیـەوە سـەری هەڵـداوە:
ئـەو شـتانەی نووسـەر دەریاندەبـڕێ بەزمـان، یـان بەشـێوازێکی دیکـە، بەرجەسـتەکردنی ناخـی دەروونیەتـی، تێگەیشتنیشـیان نزیکبوونەوەیـە لـەو دیـاردە دەروونییـە، ئەمـەش پرۆسـەیەکە بەهۆیـەوە شـتێکی دەروونـی دەزانـرێ و پـەردەی لەسـەر لادەدرێ کـە بەسـیمبۆل و هێمـا و وشـە تۆمارکـراون.
لـەو چالاکییـەدا خـود دەبێ بە ئەوی تر و بەشـداری لـە ئەزموونـە زیندووەکـەی دەکات، بەشـداری گیانـی ئـەو ڕەوشـە دەکات کـە داهێنەرەکـە تێیـدا ژیـاوە و کاری تـێ کـردووە. (عبدالكريم شـرفي: ٢٠٠٧، ل٣٣).
ئـەو چالاکییـە دوو ڕەهەندییـە بـەلای (دیلتێـی) یـەوە سروشـتێکی کۆمەڵایەتـی هەیـە و هـەردوو جەمسـەری ئـەوەی شـتی دەربڕیـوە و ئـەوەی تێـی گەیشـتووە، بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە.
- ئـەو بۆچوونـەی (دیلتێـی کـە تێگەیشـتن ڕەهەندێکـی دەروونـی هەیـە ڕووبـەڕووی ڕەخنـە بووەتـەوە، بەتایبەتـی لەلایـەن (هانـس گادامێـر) ـەوە، بەتایبەتـی لـە شـاکاری ڕاسـتەقینە و میتـۆدە. لـەو شـاکارەدا کۆشـاوە پرۆسـەی تێگەیشـتن لـە سروشـتە دەروونییەکـە دوور بخاتـەوە و دەقەکـە کـە تـوێ تـوێ و شـرۆڤە دەکـرێ، لەجـۆری بیرکردنـەوەی داهێنەرەکـەی و ئـەو سـەردەمەی تێیـدا دەسـتبەکار بـووە، جیـا بکاتـەوە و دایبـبڕێ، بـۆ ئـەوەی پرۆسـەی تێگەیشـتنەکەی و وردەکارە شـاراوەکانی پتـر بایەخیـان پـێ بـدرێ. (عبدالكريـم شـرفي: ٢٠٠٧ ل٣٦).
وەنەبـێ ئـەو بۆچوونـەی گادامێـر بەئاسـانی وەک بەرزەکـی بانـان لێـی دەرچووبـێ، چونکـە مـرۆڤ تەنیـا هـەر ژیـر نییـە و بیرکردنـەوەی ئەگـەر لۆجیکیـش بێـت، لـە هەسـت و سـۆز و ناخـی دەروون دانابـڕێ، ئەوجـا ناکـرێ ڕەهەنـدی مێژوویـی داهێنـەر و داهێنـراو بەهەنـد دانەنرێـن، نووسـەر مرۆڤـە و کۆرپـەی ئـەو ژینگەیەیـە کـە تێیـدا گـۆش کـراوە، تەنانـەت ئـەو لێکپچڕاندنـە ئەگـەر تەنیـا بـۆ مەبەسـتی توێژینـەوەش بـێ، لـە کـردن نایـەت، یـان سـەرکەوتوو نابێـت، چونکـە ئەمـە سروشـت و خەسـڵەتێکی میکانیکـی نییـە و بـە بڕیـار و خواسـت و نیـاز یەکلایـی نابێتـەوە. پرۆسـەی تێگەیشـتن لـە خۆیـدا کارێکـی سـادە و سـاکار نییـە، پێـی بزانـرێ، یـان هەسـتی پـێ نەکـرێ پابەنـدی چەنـد بنەمـا و ڕێسـا و پێوەرێکـە پەیڕەویـان بـکات بـۆ خۆبـواردن

لـە کەوتنـە گێـژاوی بـە هەڵـە و تەفـرە چـوون.

- شرۆڤەکردنی هـەر بەرهەمێک، ئەدەبی، هونـەری و فەلسـەفە، یـان دەقەکـە ئایینـی بـێ، بەپـێ بۆچوونـی ڕابەرانـی هێرمینۆیتیـک (شـلایەر ماخـەر، دێلتێـی، گادامـەر)، دەبـێ چەنـد خاڵێـک لەبەرچـاو بگرێ و شـرۆڤە بکرێن، ئیتـر ئەگـەر تێگەیشـتن لـەو پرۆسـەیەدا پشـکی شـێری بەربکـەوێ، دەبـێ ئـەوەش بەگرنگ دابنـرێ کـە دەقەکـە چـی دەڵـێ و دەردەبڕێ و ئامـاژە بـە چ دەدات، چ واتایەکـی هەیـە، ئەوجـا دەبـێ شـرۆڤەکار لـەو زانینـەدا بەشـداری بـکات کـە بەرهەمەکـە دەیداتـە دەسـت. ڕاسـتە دەقەکـە سروشـتێکی خـودی داهێنەرەکـەی پێوەیـە، بـەڵام بـەو شـرۆڤەکردنە خەسـڵەتی بابەتیـی پـێ دەبـڕێ و ئـەم بابەتیی بوونـەی تێکسـتە کـە دەبێتـە مایـەی تێگەیشـتنەکەی. بـەو پێیـەی شـرۆڤەکار ئـەوەی نووسـەر گوتوویەتـی بەهەنـد وەربگـرێ و مافـی تەواوەتـی بـە بۆچوونەکـەی بـدات و ئامانجەکـە چـی بـووە تـێ بگەیشـترێ.

- لـەم سـەردەمەماندا هەرسـێک جـۆری شـرۆڤەکردن (تەئویـل – هێرمینۆیتیک):

**یـەک:** شـرۆڤەکردنی لاهووتییانـەی دەقـە ئایینییـەکان بـۆ ئـەوەی تێیـان بگەیشـترێ، یـان بەجۆرێـک لێـک بدرێنـەوە تێگەیشـتنیان ئاسـان بـێ.

**دوو:** شـرۆڤەکردنی فیلۆلۆجیانـەی زمـان، کـە پتـر دەچێتـە خانـەی لینگویسـتکەوە (زانسـتی گشـتی زمـان).

**سـێ:** هێرمینۆیتیکـی فەلسـەفەیی، بەگشـتی ڕێبـاز و ئاراسـتە مۆدێـرن سـەردەمیەکانییەوە، سـەر بـە سـێ پـاوان و دەڤـەری جیـاوازن و ئامـراز و ئامانجـی جۆراوجۆریـان هەیـە.

ئەوەنـدەی بابەتەکـە پێوەنـدی بـە فەلسـەفەی نـوێ و مۆدێرنـەوە هەیـە، تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو پاشەکشـەی کـردووە. هـەر لـە سـەرەتای سەرهەڵدانیشـییەوە لەلایـەن هزرمەندانێکـەوە کـە پاشـخانێکی کولتـووری ئایینـی لاهووتیـان هەبـووە، لـە چوارچێـوەی تەسـکی ئەکادیمیدا قەتیس مـاون لـە (هایدیگـەر) بـەدەر، ئـەو سـنوورەی نەبەزانـدووە و پتـر بـەلای وەجـاخ کوێریـدا تەکانـی داوە و تاکـە گوڵێکـی نەخسـتووەتە سـەر خەرمانـی کولتـووری بەپێـزی فەلسـەفە و مێـژووە فرەڕەنگ و بـە برشـتەکەی. مـن بـەش بـە حاڵـی خـۆم ئـەو هەوڵـەی هێرمینۆیتیـک بـە لەدایک بوویەکـی نامـۆ دەبینـم و هیـچ دڵۆپـە خوێنێکـی فەلسـەفە و لقەکانـی لـە شـادەمارەکانیدا هەسـت پـێ ناکـرێ!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١- نصـر حامـد أبوزيـد: الامـام الشـافعي وتأسـيس الأيديولوجية الوسطية، بيروت، ٢٠٠٧، لـە زۆر جێگە سـوود لـەو شـاکارە وەرگیـراوە.

٢- فردريـك شـلاير ماخـر: عـن الديـن خطابـات لمحتقريـه من المثقفين. ت: اسامة الشحماتي، بيروت، ٢٠١٧).

٣- عبدالكريـم شـرفي: مـن فلسـفات التأويـل إلـى نظريـات القـراءة، بيـروت، ٢٠٠٧.

4-Wolfgany Roed: Derweg der Philosophie. Bd.2. Muenchen 2009.

5- W. Dilthey: Der Aufbau der Geschichtlichen Welt. In der Geistswissenschaften. Frankfurt 1970.

٦- د. محمـود سـيد أحمـد: دلتـاي وفلسـفة الحيـاة، دار التنويـر، ٢٠٠٨.

٧- جـورج لوكاش: تحطيم العقل، دار الكتب العلمية، ٢٠١٩.

٨- هانـز جـورج غادامير: الحقيقة والمنهج، الخطوط الأساسـية لتأويليـة فلسـفية. ت: د. حسـن ناظـم، علي حاكم صالح، مراجعة: د. جـورج كتورة، ليبيا، ٢٠٠٧.